




## گرنگی بە جوانی شاراوەی نینۆکەکانت بدە



خانمان لە گشت لایەنەکاندا گرنگی دان بە جەستە و ئێکسسوارەکانیان دەبێتە ڕێگەیەك بۆ جوانیان، ئەمەش لەگەڵ تایبەتمەندی مۆدە و جوانکاری هەنگاوێکە بۆ گەیشتن بە لووتکەی جوانی و کراوەیی لە ستایلێکی تایبەتدا، یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکان کە خانمان لێوەی بێئاگان، ئەویش گرنگی دانە بە نینۆکەکان، چونکە جوانییەکی گەورە لە نینۆکەکانت شاراوەیە و پێویستی بە دەرخستنە. درێژکردنی نینۆك لەگەڵ ئەوەی کاری پارێزکردنی پێویستە، هەروەها دەبێت بە ڕەنگ و ستایلێکی تایبەت برازرێنرێتەوە و شایستەی جوانییەکی گەورە و کراوە بێ، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە دانانی نەخشێکی تایبەت و کراوە لەسەر نینۆکەکان دەبێتە یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکان بۆ جوانی دەستەکانت، ئەویش وەك ڕێگەیەك بۆ دەرخستنی جوانی ستایلێکی شایستە لە جوانی نینۆك.







## جلە کوردییە ڕەنگاوڕەنـ

لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار و جەژنی نەورۆز، کە زۆربەی خانمان خۆیان بۆ دەرچوون بەرەو شوێنە گەشتیاریەکان ئامادە دەکەن، لەگەڵ ئەوەی جلی کوردی وەك جلێکی تایبەت بۆ ئەو ڕۆژە و یان هەر بۆنەیەك تەرخان دەکرێ، تەنانەت لەگەڵ جوانی سروشتی کوردستان، کراسە کوردیەکان ڕەنگدانەوەی ئەو جوانییە دەبن و بە نەشونمایەکی کراوە دەگونجێن و جوانییەکی شایستە بەو ڕۆژە دەبەخشن، بۆیە دەبێ لەو



## جوانی گوارەکان لە

ستایلەکانی جوانی تایبەتە بەو تایبەتمەندییەی کە هەر خانمێك دەیەوێ بەپێ خواست و ویستەکانی خۆی جوانییەکی تایبەت بۆ خۆی دابین بکات، ئەمەش لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو ئێکسسوار و جلانە دەبێ کە لەگەڵ جەستە و جوانی ئەو خانمە دەگونجێن، یەکێك لە ئێکسسوارە سەرەکییەکان کە تایبەتمەندە بە جوانی بەشی جەستەی سەرەوەی خانمان، ئەویش بوونی (گوارە) سەرنجڕاکێش و جوانەکانە لە گوێچکەی خانمان.

بەرپرسی فالی ڕەنگاوڕەنگ: ئیوان گەردی
Email: iwan_gardi@hotmail.com
Mobile: 07504679560


# ماکیاژێکی جوانی چاو لە ڕەنگی پەمەیی و سپی







کارکردن بۆ بەدەستهێنانی ماکیاژێکی جوان و ڕازاوە بۆ چاوەکان، پێویستی بە کات و بیرکردنەوەیەکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی جۆرە ماکیاژێکی تایبەت ئامادەبکرێ، ئەمەش کاتێك زۆربەی خانمان لەم بوارە شارەزا نین. بۆیە بە پێویستمان زانی ئەو جۆرە ماکیاژە بۆ خانمان ئامادە بکەین لە ڕێگەی وێنەوە کە چاکترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی خانمان خۆیان بە کەرەستەکانیان و لەگەڵ هەنگاوەکانی وێنەکان بڕۆن و ئەو مۆدەیە لە ماکیاژێکی تایبەتەوە ئامادە بکەن، کە مۆدەیەکە لە تێکەڵی دوو ڕەنگە ئەو ڕەنگانەش بریتین لە (پەمەیی و سپی) لە ئەنجامدا ڕەنگی وەنەوشەیی دەردەکەوێت کاتێك لە کۆتاییدا ڕەنگی ڕەش بەکاردەهێنرێت.






# ـگەکان بۆ ڕۆژی نەورۆز

بۆنە جوانەدا کراسە کوردیەکان ئاوێتەی ڕەنگدانەوەی جوانیەکی بە نرخ بن.
بەهۆی ئەوەی سروشتی کوردستان بە سەوزایی و ڕەنگی گوڵە جوانەکان دەگەشێتەوە، بۆیە چاکترە ئەو جۆرە جلانە بپۆشرێن کە لەگەڵ ئەو ڕەنگاڵەیە بگونجێ، ئەمەش لە ڕێگەی پۆشینی کراسە ڕەنگاوڕەنگەکان دەبێ، کە ڕەنگە کراوەکان شێوەیەکی جوان لەخۆ دەگرن، لەوانە ڕەنگی (سوور – پەمەیی – سەوز – شین)، بۆ ئەوەی جوانییەکی ڕازاوە بن لەو ڕۆژەدا.



# شێوە و ڕەنگەکانیانە

جوانی گوارە لە شێوازەکەی دەبێ و دەردەکەوێ، ئەمەش لە جۆری ڕەنگ و شێوەی گوارەکەیە، هەروەها دەبێ گوارەکان پێچەوانەی جلەکان بن، واتە ئەگەر جلەکان خاو بوون، دەبێ گوارە شێوەیەکی بچووك و بەبێ هاتنە خوارەوەی بەشەکانی بێ، هەروەها بۆ پۆشینی گوارە شل و خاوەکان یان درێژەکان دەبێ لەگەڵ جلی تەسك و بۆدی بپۆشرێن، ئەو جۆرە گورانەش دەبنە یەکێکە لە مۆدەکانی داهاتووی گوارەکان.

# کلێتە هێمایەک بۆ کوردەواری





کاتێك سەردانێکی بازارِم کرد، چاوم کەوت بە کەرەستەیەکی کوردی، کە جێگەی سەرنجڕاکێشان بوو، دیمەنێکی جوان و خنجیلانەی لەخۆوە گرتبوو، هاتە خەیاڵم کە ئەگەر گەنجان و پیاوانی کورد ئەو کەرەستەیە یان ئەو سەرپۆشە جوانە بەکاربهێنن و لە شوێنە گشتییەکاندا ببینرێن، ئەوەی باسی دەکەم بریتییە لە (کلێتە)ی سەر بۆ گەنجان و پیاوانی .کرد

کلێتە بریتییە لە سەرپۆشێك، کە لە شێوەی کڵاودا دەردەکەوێ، بەشی سەرەوەی وەك کڵاوە و دواتر لە خوارەوە بە (٣) سێ تەڵی کەززی کراو بەرەو خوارەوە دێ، دواتریش لە کۆتایی تەڵەکان دەبن بە گورینگە، کلێتە زیاتر لەگەڵ جلی کوردی دەپۆشرێ، ئەو جلە کوردیانەش کە (رانکوچۆغەر – قاتی کل)، جوانی کلێتە وەك هێمایەکی کوردی و ڕەسەن دەردەکەوێ و لە بەشی سەرەوەی نەخش و دیمەنێکی جوانی لەسەردا دروست دەکرێ، کلێتەی ئێستاش پەیدا بووە لە شێوە و نەخشی ئاڵای کوردستانی لەسەر کراوە، کە بەجوانییەکی گەورەوە دەردەکەوێ، تەنانەت بوونی گورینگەیەك لە سەرەوەی کلێتە، دیمەنێکی هێمن و سەرنجڕاکێش دەبەخشێ و وەك هێمایەکی کوردەوای و ڕازاوە دەبێ، ئەگەر گەنجەکانمان بیپۆشن لە شوێنە گشتییەکان، .یان بۆنە تایبەتەکان

# ئەو بووکانە بۆ



کارە سەیرەکان بە چەندین ڕێگەوە ئەنجام دەدرێن، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە حاڵەتەکان بۆ شێوەیەکی سەیر و جوانەوە دەبێ، لە وڵاتی ئەمریکا یەکێك لە کۆمپانیاکانی دروست کردنی کێك بۆ ڕۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیری، هەڵسا بە کۆکردنەوەی ئەو خانمانەی لە ڕۆژێکدا دەبنە بووك، لەگەڵ دانانی کێکێکی گەورە و بە بووکەکان گوترا، لەناو ئەو کێکەدا چەکێك

# پێشبڕکێی سەر شێتانە!



پێشبڕکێیە سەیرەکان بە چەندین ڕێگەدا ئەنجام دەدرێن، ئەمەش بۆ دەستنیشانکردنی پلەی یەکەم یان ئەو کەسەی خەڵاتی پێشبڕکێیەکە بەدەست دەهێنێ، بێگومان چەندین جۆرە پێشبڕکێ هەیە، بەڵام زیاتر بە جۆرێك دەبێ کە ئەزیەتی مرۆڤ نەدات، کەچی وادیارە چینییەکان بڕوایان بەم لایەنەوە نییە و بۆیە سەیرترین پێشبڕکێیان ئەنجام دا، پێشبڕکێ سەیرەکەش بریتییە لە مانەوەی مرۆڤ لەناو شووشەیەکی پڕ لە بەفر یان بەستەڵەك، مەرجی پێشبڕکێکە ئەوەیە نابێ لە (٥) کاتژمێر کەمتر کە ئەو کەسە لە ناو بەفرەکە بمێنێتەوە، ئەوەی داوا بکات کە سەرمایەتی یان هەست بە سەرما دەکات، لە پێشبڕکێکەدا دوور دەخرێتەوە، وەکو لە وێنەکاندا دەبینن کە چۆن خۆیان لەناو شووشەی پڕ بەفر ناوە و لە کۆتایی پێشبڕکێیەکە خەڵات بە (ساینگ یۆنگ) بەخشرا کە توانی ماوەی (٦) کاتژمێر لەناو بەفردا بمێنێتەوە.

## شەڕیانە؟!



هەیە بە بڕی (٥٠٠٠٠)دۆلار، واتە (٥) دەفتەر دۆلار، لەدوای ئەو قسەیە سەیر بکەن دەبێتە چ هەڵایەك لەسەر کێکە بەستەزمانەکە لەلایەن خانمە بووکەکانەوە.



## هێلکەی ناو هێلکە


جووتیارێکی بەریتانی بەناوی (جۆن فیلۆز) کە تەمەنی ٦٨ ساڵە، دووچاری سەرسووڕمان هات کاتێك کە هێلکەیەکی سپی کردووە تا بیخوات، بەڵام لەپڕ دەبینێت کە هێلکەکە هێلکەیەکی تری لەناودایە. ئەم جووتیارە کە توێکڵی هێلکەکەی لێکردۆتەوە بینویەتی کە هێلکەیەکی تر لەناو هێلکەکەیدایە! کە هێلکەیەکی تەواوە و تەنانەت توێکڵی خۆیشی هەیە. ئەم جووتیارە دەڵێ: پارێزگاری لەم هێلکەیە دەکەم بۆ یادگاری هەڵی دەگرم. لەلایەن خۆیانەوە پسپۆڕانی بواری پەلەوەر ڕایانگەیاند ئەو مریشکەی ئەو هێلکەیەی کردووە ڕەنگە لەکاتی دروستکردنی هێلکەکەدا دووچاری شۆك (الصدمە) بووبێت، بۆیە هێلکەکەی بەمجۆرەیە دەرچووبێت.

**ئا: رەوند**




## (برۆ) پێوەرێک بۆ جوانی ئافرەتان

پێوەری جوانی لە هەر نەتەوەیەك یان وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازی هەیە، ئەمەش بەپێی دابونەریتەکان دەگۆڕێ و ئەمەش وادەکات ببێتە حاڵەتێکی سەیر لەنێوان مرۆڤەکان، بە تایبەت لەلایەن خانمانەوە کە جوانی بەستراوەتەوە بە ئافرەت زیاتر لەوەی بۆ پیاو تەرخان بکرێ، لە وڵاتی تاجیکستان سەیرترین مۆدە هەیە بۆ جوانی ڕووخساری ئافرەتان، ئەویش دەبێ ئافرەتان (برۆ)کانیان زۆر بێ و لە برۆی پیاوان بچێ، هەروەها دەبێ پیاوەکان برۆیان بکەن و ئەمەش بۆ ئەوەی جۆرە جوانییەك هەبێ و شێوازێکی تایبەت هەبێ لەنێوانیان، ئەوەی لەم وێنانەوە دەبینن بریتییە لە جوانی برۆی خانمان ئەمەش دەبێتە دیمەنێك بۆ جوانی!



## قژە سەیر و جوانەکان





شێوازی تەسریحەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازی هەیە، ئەمەش لە ڕێگەی هەر کەسێك بە خواستی خۆیەوە قژی بە ئاراستەیەك یان شێوازێك دەبڕێ و دایدەهێنێ، کەچی وادیارە هەندێك حەز دەکەن قژیان بە جۆرێك بێ، کە شیاوی دیمەنێکی سەیر و جوان بێ، ئەوەی دەیبینن لەو وێنانەوە دیمەنێکی جوان و سەیرن لە شێوازی تەسریحەکان، کە هەندێکیان لەشێوەی (تۆپی تێنس و دەست و چاوی مرۆڤە)، جوانترینیشیان بریتییە لە قژی ئەو منداڵە، کە هەر تەلێکی بەلایەکەوە ڕۆیشتووە.









## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

بەم زوانە بە هاوڕێیەکت شاد دەبیت کە دەمێکە لە یەکتر دابڕاوان و چەند ساتێکی خۆشی لەگەڵدا بەســەر دەبەی، باری داراییت ڕوو لە باشی دەبێت و لەڕووی سۆزداریەوە تووشی کێشە نابیت.




## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

درفــەت زۆرو لەبــارە بۆ ئەوەی دەســت بکەیت بە پێشــڕەوی خۆت، چونکە هێندە وزەو تواناشــت هەیە پرۆژەکانــت بــە ئەنجــام و ڕێگەیەکــی گونجاو و ســەرکەوتوو بگەیەنیت کە زۆر بە ئومێدەوە سەیریان دەکەیت و لێیان دەڕوانی.



## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەمڕۆ بۆ ئەنجام دانی کارەکانت کەش و هەوا لەبارە کە لەگەڵ یەکەم هەنــگاودا چەند گۆڕانکاری و گۆڕانێك لــە کارو بارو ئیــش و کارەکەت بەدی دەکەیت کە ســوودی باشــی لێدەبینیت، هەوڵ بە هێمنی بیپارێزیت بەرامبەر دەوروبەرت.



## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەم چەند ڕۆژە کارەکانت بە شــێوەیەکی باش بەڕێوە ناچێــت، بە دڵنیاییەوە پێویســتت بە هــەوڵ و خۆ ماندوکردنی زیاترە، خۆت بە خاوەنی ئەو کێشــانە بزانە کە ڕووبەڕووی یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکت دەبێتەوە یان ڕووبەڕووی هاوڕێیەکت دەبێتەوە.



## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئیش و کارەکانت بەرەو باشی دەچن و ئاسۆی گەشی تێدا بەدی دەکرێت و لەڕووی ســۆزداریەوە دووڵی و دڵ ڕاوکێیــت پێوە دیــارە، هەر بۆیە کێشــەو گرفتەکانت زیاتــر دەبن ئەگەر خۆت یەکلایی نەکەیتەوەو بیرێکی ژیرانەی لێنەکەیتەوە.



## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئــەو هیواو ئاواتەی کــە ماوەیەکی زۆرە خەونت پێوە دەبینــی بەم زووانە بە هــەوڵ و ماندو بوونی خۆت و هاوکارەکانت بۆت دێتە دی، پێوەندیشــت لەگەڵ خۆشەویســتەکەت بەرە بەرە بەرەوە ســەر دۆخی پێشــوو و هەوڵبدە کارەکانی خۆت بە خۆت ئەنجام بدەی.

## قوتابیە (٥) سفرەکان!



زۆر شــتێکی جوانــە کاتێــك مرۆڤ ڕاســتگۆ دەبێ، یان خۆی لە ڕاســتییەوە دەبینێتەوە، ئەوەی دەیبینن دیمەنێکە بۆ ڕاســتگۆیی و دەربڕین باسی ڕاستەقینەی خۆیان، ئەو لافیتەیەی دەیبینن لەسەر ئەو ئوتۆمبێلە نووسراوە، وتەی کۆمەڵە قوتابییەکە کە دوای وەرگرتنەوەی ئەنجامی کۆتایی لە قوتابخانە، کە وەکــو خۆیان دەڵێن (ئەو قوتابیانەی کە لە (٥) سفر کەمتریان نییە)! واتە لە ئەنجامی کارتەکانیان لە (٥) وانەدا سفریان وەرگرتووە، کە پێدەچێ بەرەو گەشت بچن بەم بۆنە خۆشەیانەوە.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبــدە ئەو پیتانەی ناو بازنــەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی فیلمێکی کوردیت بۆ دەربچێ .

ە ژ ن ا ل گ ی

وەڵامی ژمارەی پێشوو (گەلاوێژ)

### برنادشۆ (گەورە نووسەری ئیرلەندی) دەڵێ: نوکتە بچووکترین بەشی ئەدەبیانە!

نوکتە


- کابرایەک ژنەکەی نەخۆشە و بەدیاریەوەیەتی. ژنەکەی پێی دەڵێ: پیاوەکە، ئەگەر بمرم تۆ چی دەکەی؟ ئەویش خێرا دەڵێ: ئەگەر تۆ بمریت، من شــێت دەبم! ئینجا ژنەکەی دەڵــێ: ئەی ژن ناهێنیتەوە؟ کابرا دەڵێ: وەڵا نازانم، بەڵام شــێت هەرچییەک بکات لێی ناگیرێت..

❊❊❊

- مامۆستای بیرکاری لە قوتابییەك دەپرسێت:
«ئەگــەر باوکت ١٠ دیناری پێ بێت و تۆش داوای ٦ دیناری لێ بکەیت، چەندی پێ دەمێنێت؟»
قوتابییەکەش لە وەڵامدا دەڵێ: «١٠ دینار.»
مامۆستاش بە توورەییەوە پێی دەڵێ: دانیشە! تۆ بیرکاری هەر نازانیت.
قوتابییەکە دەڵێ: تۆش باوکی من هەر ناناسیت، ئەو پارە نادات بە دایکم ئینجا بە من.

## جیاوازی وێنە!

بۆ زانینی ئاستی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند جیاوازییەك لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە








**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

کەمێك گۆشەگیری باشە بۆت تا بیر لە کارەکانت بکەیتەوە کە پەیوەستە بە ئاییندەتەوە داوای هاوکاری و یارمەتی لە هاوڕێکانت بکە بۆ چارەسەری گێشەو گرفتە سۆزداریەکانت و ئاگات لە دارییت بێت بەرەو خراپی نەڕوات.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

هەوڵبدە شێوازێکی گونجاو بدۆزیتەوە تاوەکو بتوانیت بڕیارێکی یەکلاکەوە بدەیت، ئەو شتە دیار بکەیت کە خۆت ئارەزووتەو خەونی پێوە دەبینیت بە زیرەکی و بیرکردنەوەت دەتوانی بە دەستی بێنیت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

بەرەو پێشچوونێکی گونجاو لە زۆربەی بوارەکانی ژیانت روودەدات کە دەبێتە مایەی خۆشحاڵی و خۆشبەختیت، هەوڵ بدە سووی لێوەربگریت و باری دارییتی پێ باش بکەیت، چونکە ئەگەر بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵ نەکەیت بە زەرەر بۆت تەواو دەبێت.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

تەندروستی دەروونی و جەستەییت بەرەو باش بوون دەچێت و پێوەندیت لەگەڵ هاوڕێکانت تاڕاددەیەك باشە، ئاگاداربە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە کارین لەگەڵ دەکەی هەوڵمەدە خۆت لە داواکاریەکانی ئەوان بدزیتەوە، ئەوان کەسی دڵسۆزی تۆن.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

کەسانێك حەز بە دواکەوتوویی تۆ دەکەن و دەیانەوێ لە کاروبارەکانت بەدوا بکەوی بە دیپلۆماسیەتی خۆت و بە دیالۆگ کێشەکان چارەسەر بکە، خۆشەویستەکەت بە دەست کێشەوە دەناڵێنی یارمەتی بدەو ئەوپەڕی خۆشەویستی خۆتی پیشان بدە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

لەگەڵ کارەکەت هەست بە ئارامی و ئاسودەیی دەکەیت لەگەڵ ئەوەی کە ماندووش دەبیت و هیلامك دەکات هەوڵ دەدەیت گرفتێکی خۆشەویستی یان گرفتێکی هاوڕێکانت چارەسەربکەیت، هێز و توانای خۆت نیشان بدە لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

ئا: فەرهاد محەمەد ئازگەمی

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | ■ | ■ | | | | | |
| ٢ | | | | | ■ | | | ■ | | | | |
| ٣ | | ■ | | ■ | | | | | ■ | | ■ | |
| ٤ | | | | ■ | | | | | ■ | | | |
| ٥ | | | | ■ | | | | | ■ | | | |
| ٦ | | | | | | ■ | ■ | | | | | |
| ٧ | | | | | ■ | | | ■ | | | | |
| ٨ | | | | | ■ | | | ■ | | | | |
| ٩ | | | | | ■ | | | ■ | | | | |
| ١٠ | | ■ | ■ | ■ | | | | | ■ | ■ | ■ | |
| ١١ | | ■ | | | | | | | | | ■ | |
| ١٢ | | | | | | | | | | | | |

## ئاسۆیی:

١-شاعیرێکی کوردبوو(پ)- شەڕێکی ئیسلامییە(پ).
٢- دەرمانی قژ(پ)- وەکویەك- شاعیرێکی کوردبوو.
٣- دارێکە (پ).
٤-سێ پیتی خولە- گۆزە- خرس(ت).
٥- هێز(پ)- کۆما(ت)- سێ پیتی یاسا.
٦- پارێزگایەکی عێراقە(پ)- هۆزێکی گەورەی ئاسیان(پ).
٧-چیایەکی کوردستانە- شەپرێو- هۆزێکە لە لوبنان.
٨- پێویستیەکی بەرگدورە- وەکویەك- ماوە(ت).
٩- دایکی هەموان- رەگەزێکە(پ)- چوارپیتی جیاواز.
١٠- مانگی ئازار(پ).
١١- سەرکردەیەکی سوری بوو برای سەلاحەدین ئەیوبیە.
١٢- ناوی تەواوی مەلا مەشهور.

## ستوونی:

١- یاریزانێکی یانەی هەولێرە.
٢- نەخێر(پ)- شەش پیتی قالەمەڕە.
٣- ئیمپراتۆرێکی ئێرانی بوو- دووپیتی هەست.
٤- خوێ(پ)- دەستوور- گێژ.
٥- پەیامبەرێکە(پ)- نۆرە.
٦- گەورە(پ)- سەرکردەیەکی کۆنی ئێرانی بوو(پ).
٧- جۆرە قوماشێکە(پ)- خەڵکی وڵاتی رومانیا.
٨- شاعیرێکی کوردبوو(پ)- خواردنەوەیەکە.
٩- بزر- چیایەکی کوردستانە(پ)- یەك بەسریانی(پ).
١٠- گۆرانیبێژێکی کوردە(پ)- نیوەی هودا.
١١- بۆ(پ)- میری سۆران.
١٢- سلێمانی دروستکرد.

## پەندە جوانەکان

-گەر لیمۆیەکی ترشت لەبەر دەستت بوو شەربەتێکی شیرینی لێوە دروست بکە.
-ئاو بتبات چاکترە، نەوەك بەسەر پردی نامەردی بپەڕیتەوە.
-ئەوەی دەتگرییێنێت دۆستە، ئەوەی پێت پێدەکەنێت دوژمنە.

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (نانسی) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم خانەنانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بۆیەکی ڕەنگ سوورە لە قژی ئافرەتان دەدرێ)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (مانایەکی دیکە بۆ پێکەنین)
- پیتی خانەکانی (٤+٤+٥+٦) کۆبکەیتەوە بە مانای (شتێکە لە دەمی مرۆڤ، کە نانی پێوە دەخوات)

پیتی خانەکانی (١+٢+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پاشگرێکە لە دوای ناوی کچ دادەنرێ)

